UNFPA

UNITED NATIONS POPULATION FUND - IRAQ

صندوق الأمم المتحدة للسكان - العراق

ڕاپۆرتی ساڵانە

ئامار و چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان

٢٠١٨

هێڵی گەرم

119

20698

Preview sample - page 1 of 4 - Soran University Academic Digital Library

پێرست

ژمارە	ناوەرۆک	لاپەرە
١	پێشەکی	٣
٢	پەیکەری بەرزەوەبەرایەتی گشتی	٥
٣	میلاک	٦
٤	ناماری تووندوتیژییەکان لە دژی ئافرەتان	٧
٥	ناماری کوشتنی ئافرەتان	٨
٦	ناماری خۆکوشتنی ئافرەتان	١١
٧	ناماری سووتانی ئافرەتان	١٥
٨	ناماری تووندوتیژی سێکسی لە دژی ئافرەتان	١٨
٩	ناماری سکالا لەبارەی تووندوتیژی لەدژی ئافرەتان	٢١
١٠	جیاوازی ناماری تووندوتیژییەکان ٢٠١٧ و ٢٠١٨	٢٥
١١	ناماری ئافرەتانی داڵدەدراو لە شەڵتەرەکان	٢٦
١٢	ناماری لێژنەکانی ئاشتەوایی	٢٦
١٣	ناماری کێشەکان لەماوەی ساڵی ٢٠١٨	٢٧
١٤	ناماری ماڕەبڕین و تەڵاق و لێکجیابوونەوە	٢٧
١٥	ناماری کاروچالاکییەکان	٢٨
١٦	دەرئەنجام	٣٧
١٧	ڕاسپاردە و پێشنیار	٣٨
١٨	وێنەی چالاکییەکان	٣٩
١٩	بەشی ئینگلیزی	٤٤

دیزاین: کارە عوسمان

چاپخانەی ڕۆژهەڵات ـ ٢٠١٩

Preview sample - page 2 of 4 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی:

تووندوتیژی خێزان دیاردەیەکی نەرێنییە دژ بە پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و شەریعەتی ئاسمانی و یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان و جیهانە بەگشتی. لەبەر ئەوە، زۆربەزۆربوونەوەی پێویستە بۆ یاساستی تاکەکان و دروستکردنی خێزانێکی بەختەوەر. لەم سۆنگەیەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێویستی زانی شوێنێك هەبێت، کە پارێزەری مافەکانی تاك بێت و بەرگری بکات لەو تووندوتیژیانەی کە زۆربەزۆریان دەبێتەوە مافەکانی ژنان بریتیبە لەو پرسانەی پێویستە فەراهەمبکرێت بۆ ئافرەتان، کە لە بنەڕەتەوە مافێکی زۆرجێگەی یاسا نێو دەوڵەتییەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ ئێکخراوە کە هاوبەش و هاوکارە بۆ بەهێزکردن و یاراستن و چاودێری کردنی، لە هەر چەوساندنەوە تووندوتیژییەك کە بەرامبەری دەکرێت. ئێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی و ناوخۆیی لەم نێوەندە ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن بە چەندین شێوەی جیاواز بۆ بەرەنگاربوونەوە و کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە، جێی باسە،کە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی جیهان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ئەم دیاردەیە زەقتر لە نێو کۆمەڵگا هەستی پێکراوە، بۆیە دەبێت ووریاتر و خێراتر بەرەنگاری ئەم دیاردەیە ببینەوە. بۆیە دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەتان و خێزان بە گشتی، دەبێتە هۆکارێك بۆ دووركەوتنەوە لە تووندوتیژی و پەرەپێدان وە زیاتر گەشەسەندنی کۆمەڵگا، بەشێوەیك کە هەردوو ڕەگەز بەشدار دەبن لە بنیاتنان و پێشخستنی بە پێچەوانەوە، دووانگەوتووی کۆمەڵگا بە گشتی و خێزان بە تایبەتی، دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی خێزان، کە بە بنەمای دروستبوونی کۆمەڵگا دادەندرێت. هەروەها دەبێتە هۆی ناسەقامگیری و نا ئارامی کۆمەڵایەتی، بەشێوەیك کە تاکەکان بەردەوام سەرقاڵی کێشەو گرفتەکانی خۆیان دەبن، کە بارگرانی و نەرکێکی زۆر بۆ دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت دروست دەکات، لەلایەکی ترەوە، هۆکارێکە بۆ دروستبوونی نەوەیەك، کە ناتوانێت ووك پێویست بەشداربێت لە پارێزکاریکردن و پێشخستنی کۆمەڵگا، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی بەردەوام لە هەوڵدابووە بۆ دابین کردنی هێڵێکی گەرمی پەیوەندیکردن، کە هاوواڵتیان لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی تووندوتژی پەیوەندیی بەو ژمارەیەوە بکەن، وە خزمەتگوزارییەکان و هاوکاری ڕاوێژی یاسایی وەربگرن، بە هاوکاری کەمپانیاکانی پەیوەندیکردن (ئاسیاسێڵ،زین) لە ساڵی (۲۰۱۸) لە ماڵکی (۹) تواندرا ئەم هەوڵە بە هاوکاری ئێکخراوی (UNFPA) دامەزرا، لە نیستادا هێڵی گەرمی بەڕێوەبەرایەتی بە ژمارە (۱۱۹) کارایە و (۲٤) کاتژمێر لە خزمەتی هاوواڵتیاندایە بۆ هاوکاریکردنیان، بەمەش هەنگاوێکی تری هاوکاریەکان بە شاوەیەکی خێراتر دەکاتە ئەو کەسەی کە تووندوتیژیان بەرامبەر کراوە.

Preview sample - page 3 of 4 - Soran University Academic Digital Library

نەم هێلە گرینگی لەوەدایە، خۆی دەبێتە هاوکار و یارمەتی دەر بە تایبەت بۆ قوربانیانی تۆندوتیژی و تاکەکانی تری خێزان، چونکە لە ڕێگەی پەیوەندیکردنەوە کات کورت دەکاتەوە، نەمەش وەک هەوڵێک دادەندرێت بۆ ئاسانکاری و چارەسەر کردنی کێشەکان بەشێوەیەکی خێراتر. پێویستە بووترێت، هەموو نەو خزمەتگوزاریانەی لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکرێت، لەلایەن هۆبەی خزمەتگوزاری یاسایی لە نووسینگەکان و سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی لە بەڕێوەبەرایەتییەکانەوە دەبێت، بە شێوەیەک نەگەر پێویست بە تۆمارکردنی سکاڵا نەکات یان قوربانی ئارەزووی تۆمارکردنی سکاڵای نەبێت، نەوا لە ڕێگەی سەردانی کردنی نووسینگەکان بە پێی تایبەتمەندی شوێن سکاڵا تۆمار دەکات و کارایی یاسایی دەرگیرێتەبەر. لەم ڕاپۆرتەی کە لە بەردەستایە، سەرجەم نامارەکانی ساڵی (٢٠١٨) لە خۆی دەگرێت، کە وەک نەریتێکی ساڵانە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی تۆندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، بڵاوی دەکاتەوە. یەکێکی تر لە نەرکەکانیان بریتییە لە دانانی پلانی کاری داهاتووی بەڕێوەبەرایەتییەکان لە ڕووی چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرەکانی تۆندوتیژی.پاڵپشت بەو نامارانەی کە لەم ڕاپۆرتەدا خراوەتە ڕوو، لە نەنجامی کاری بەردەوامی ساڵێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان بە هاوکاری کارمەند و فەرمانبەران بە گشتی و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە نا حکومییەکان، وە بەشێک لە مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگاکان. هەروەها چالاکوانانی بواری ژنان ساڵانە توێژینەوە نەنجام دەدەن بۆ دیاریکردنی هۆکارەکانی دروستبوونی تۆندوتیژی و دەست نیشانکردنی ڕێگە چارەکانی چارەسەرکردنی، بۆ نەوەی وەک نامرازێکی زانستی سوودی لێوەربگیردرێت و بۆ قۆناغەکانی داهاتوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی تۆندوتیژی و خستنە ڕووی دەرکەوتەو لێکەوتەکانی، وە کاریگەرییەکانی لەسەر تاک و خێزان، سەر نەنجام لەسەر کۆمەڵگا، بۆ نەوەی بگەین بە خێزانێکی ئارام و کۆمەڵگایەکی سەقامگیر.

کوردۆ عومەر عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی تۆندوتیژی دژی ئافرەتان

Preview sample - page 4 of 4 - Soran University Academic Digital Library